# تەعدیل كردنی قانونی عقوباتی عیراقی، دەستكەوتی ئێمەیە!

ئالا فەرەج
alasaeed@sunpoint.net

پەرلەمانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شاری هەولیر بەندیك لە قانوونی عقوباتی عیراقی گۆری، قانونی رەقەم ١١١مادەی ٤٠٦ لەم قانونەدا كوشتنی ژنان بە بیانووی ناموس پەرستی بە دەستی كەس و كار ریگەی پی دراوەو بە تاوان حساب نەكراوە، بە پیّی ئەو تەعدیلە، كوشتنی ژنان بە تاوان حساب ئەكات و تاوانبارانیش سزا ئەدرین.

پاش ١١سال لە وەزعیەتیك كە ژنانی كوردستان بە سەریان بردوە لە تیرۆر كردنیان و لە كوشت و برِ كردن و سەركوت كردن و تەنانەت لیّ سەندنەوەی سەرەتاییترین مافەكانی خۆیان لە جل و بەرگ پۆشین و ئازادی سەفەركردن و تیكەلاوبوون لە چالاكییە جۆراوجۆرە كۆمەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەكان و....پاش ئەوەی بە هیمەتی بزووتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان كە كۆمۆنیزمی كریّكاری پەرچەمیەتی، و شان بەشانی بزووتنەوە رادیكال و ئازادیخوازانی كۆمەلگای كوردستان، پاش پیكهینانی چەندین كەمپەین و كۆمیتەی بەرگری لە مافەكانی ژنان لە ناوەوەو دەرەوە و پاش پیكهینانی یەك بەرەی ئینسانی رادیكال بۆ فشار دانان لەسەر پیادەكەران و پاریزەرانی یاساكانی رژیمی بەعس لەوانە بە تایبەتی یاساكانی ئەحوالی شەخسی و یاسای عقوبات، ئیستا پارتی دیموكرات تەنها قانونیك تەعدیل ئەكات، ئەم تعدیل كردنە خاوەنەكەی ئیّمەین، بەلام ئەمە تەنها یەك خالەو بو ئیمەش تەنها یەك هەنگاوە !!!

ئیمە ١١سالە چ لە كوردستان و چ لە دەرەوەی وولات دژی سەرتاپای یاسای ئەحوالی شەخسی عیراقی و یاسای عقوبات بووین وخستنە رووی دژە ژن بوونی ئەم یاسایانەو تەرحی بەدیلیك كە تیایدا مافەكانی ژن پارێزراوو یەكسان بێت لەگەل پیاواندا خالیكی سەرەكی مەیدانی خەبات و چالاكی ئیمە بووە، ئیمە لەكاتیكدا ووتمان دەبیت كوشتنی ژنان لە ژیر هەر بیانوویەكدا بیت قەدەغە بكریت، ئیوە هیزەكانی بزوتنەوەی كوردایەتی بەچەكەوە پەلاماری شوراكانی ئیمەتان دەدا، ئەوكاتەی ئیمە وتومان بەلیّ بو یەكسانی ژن و پیاو ئیوە دەستانكرد بەهیرشیكی بەرفراوانی كوشتنی ژنان لە ژیر ناوی " ژنانی جاسوسی رژیم"، كاتیّك ئیمە وتمان قانونی ئەحوالی شەخسی عیراقی دەبیّت تورِ هەلبدریّت، ئیّوە دەرگاتان بۆ ئیسلامی سیاسی كردوە، پارتیدیمكراتی كوردستان كەش و هەوای ئاوەلاّكردەوە، ریّگەی دا هەرچی زیاتر جرِوجەنجالی بزووتنەوە ئیسلامییەكان بینە مەیدان و بلندگوّی مزگەوتەكانیشی بۆ كردن بە سەكوّی تبلیغاتی ژەهراوی دژی ژنان و مافەكانیان ودژی كومونیزم و ئینسان دوستی، دژی بەرنامەو خواستەكانی ئیّمە و ئەندامان و هەلسوراوانی (ریكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان)!!و...سەیر ئەوەیە پارتی دیمكرات ئەم دەستكەوتە دەكاتە مەرحەمەتی خوّی لەكاتیكدا تا ئیّستا ریگە لە دەرچوونی بلاوكراوەكەمان (یەكسانی)دەگریت، ئەوبلاوكراوەی كە لەیەكەم ژمارەیەوە تائیستا نوكی رمی لەسەر دلّی كوّنەپەرستان و هەموو فەرهەنگیّكی دواكەوتویی نەتەوەیی و عەشیرەتی ودینی بوە، ئازاایانە پاریزگاری كردوە لە مافی ئینسانی ژنان، بەمەش هەم ئەیەویت بە سنوور دانان بۆ هەلسورِانی سیاسی بەر بگریّت بەگەشەی ئەم بزوتنەوە عەزیمە، هەم لەهەمانكاتدا نیشانی دەدات ئەم تەعدیلە و ئەم ئالوگورە بچوكەش خاوەنە ئەصلییەكەی كیّیە؟.

www.kurdistannet.org

هەربۆیە ئەگەر ئیستا خالیك لەم یاسای عقوبات گۆرابیت لە لایەن پارتیەوە، ئەوا بە دەستكەوتێكی درەنگ بەدەستهاتووی بزووتنەوەی یەكسانیخوازی ژنانی دائەنیین، نەك بە دەستەو دیاری پارتی دیموكراتی كوردستان.سەرەرای ئەوەی ژنانی كوردستان تاقیكردنەوەی لەم چەشنەیان وەرگرتوە، دووسال لەمەوبەر یەكیتی نیشتمانیش بە زەختی هەمان بزووتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان و هاتنەمەیدانی هەمەرۆژەمان، هەمان بەندیان تەعدیل كرد، بەلام سالیك دوای ئەوە لە راپۆرتی یەكیتی ژنانی كوردستان بۆ كۆنفرانسیی ناوەندی ریكخراوەكانی ژناندا هات كە ژمارەی كوشت و بری ژنان زیادی كردوە و هیچ لەوەزعی ژنان نەگوراوە و ئەم تەعدیل كردنی یاسایە عەمەلی نەكراوەتەوە !

هەربۆیە بۆ عەمەلی كردنەوەی قەدەغەكردن و بنەبر كردنی كوشتوبری ژنان، بۆ ڕانەگرتنی ژنان لە چاوەروانی و دەستی دەستی پیكردنی ئەم حیزبانەدا، ئیمە بەشێوەیەكی بیٚوچان بۆ لە گۆرنانی سەرتاپای یاساكانی ئەحوالی شەخسی و عقوبات خەبات دەكەین.بانگەوازی تەواوی ئیسنان دوستان و پیشكەوتنخوازانی كوردستان و دنیا دەكەم كە پشتگیری ئەم بزوتنەوەبن و بەهەر شێوەیەك دەتوانن كۆمەكی بكەن.

١٥-٨-٢٠٠٢

www.kurdistannet.org